# لێکدانەوەی واتا لە تیکەهەواڵدا

## (لیکۆڵینەوەیەکی سیمانتیکی و پراگماتیکییە)

**سیروان خەلیل حەداد**

بەشی کوردی/ کۆلێژی زمان/ زانکۆی سەڵاحەدین
sirwan.k.ali@su.edu.krd

**پ.د. یوسف شەریف سەعید**

بەشی کوردی/ کۆلێژی زمان/ زانکۆی سەڵاحەدین
yousif.saeed@su.edu.krd

**پوختە:**

ئـەم لێکۆڵینەوەیـە بـە ناونیشـانی (لێکدانـەوەی واتـا لـە تیکەهەواڵـدا، لێکۆڵینەوەیەکـی سـیمانتیکی و پراگماتیکییـە) بەپێـی ڕێبـازی وەسـفیی شـیکاری ئەنجـام دراوە، هـەوڵ دەدات کـە تیکەهـەواڵ لـە ڕووی واتاییـەوە شـیبکاتەوە و دەستنیشـانی هـەردوو جـۆری واتـای سـیمانتیکی و واتـای پراگماتیکیـش بـکات، بـۆ ئـەوەی بزانێـت کـە تیکەهـەواڵ لـە ڕووی واتاییـەوە چـۆن داڕێـژراوە، چونکـە تیکەهـەواڵ تەنیـا بەنـد نییـە بـەد اڕشـتنی ڕێزمانییـەوە، بەڵکـوو داڕشـتنی واتاییـش لـەم بابەتـەدا زۆر گرنگـە و دەبێـت بـە شـێوەیەکی تایبـەت دابڕێژرێـت، چونکـە بـە تـەواوی کاریگەریـی دەخاتـە سـەر لایەنـی دەروونـی وەرگـران و ئاڕاسـتەی بیرکردنەوەیـان و هەندێـک لایەنـی تـری ژیانیـان ئاراسـتە دەکات.

کلیلەوشە: واتا، تیکەهەواڵ، سیمانتیک، پراگماتیک، زمانی کوردی.

پێشەکی:

زمـــان لـــە زۆربـــەی بوارەکانـــی ژیانـــدا ڕۆڵێکـــی بـــاڵای هەیـــە، یەکێـــک لـــەم بوارانـــەی زمـــان ڕۆڵێکـــی بـــاڵای تێـــدا دەگێڕێـــت بریتییـــە لـــە بـــواری ڕاگەیانـــدن. ڕاگەیانـــدن بـــە هـــەر سێ جـۆری (بینـدراو، بیسـتراو، نـووسراو) سـوودی زۆری لـە زمـان بینیـوەوە، بـە تایبـەت ڕاگەیاندنـی بینـدراودا، چونکـە ڕاگەیاندنـی بینـدراو سـوود لـە زمانـی نـووسراو و گوتـراو دەبینێـت، یەکێـک لـەو بابەتانـەی لـە ڕاگەیاندنـی بینـدراو، لـە دونیـای ئەمـڕۆدا شـوێنی تایبەتـی خـۆی هەیـە، بریتییـە لـە (تیکەهـەواڵ)، تیکەهـەواڵ سـوود لـە زمانـی نـووسراو دەبینێـت، زمانـی نووسـینیش بـە جۆرێـک لەجـۆرەکان لێڵیـی تێـدا بەرچـاو دەکەوێـت، ئێمـە لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا دەمانەوێـت بزانیـن (واتـا) لـە ڕۆنانـی تیکەهەواڵـدا لـە چ ئاسـتێکدایە؟ بۆیـە شـیکردنەوەیەکی سـیمانتیکی – پراگماتیکییـمان لەسـەر ئـەم بابـەت ئەنجـام داوە.

١ - ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:

(لێکدانـەوەی واتـا لـە تیکەهەواڵـدا، لێکۆڵینەوەیەکـی سـیمانتیکی و پراگمتیکییـە) ناونیشـانی ئـەم لێکۆڵینەوەیـە.

٢ - ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا ڕێبـازی (وەسـفیی شـیکاری) پێڕەوکـراوە.

٣ - کەرستەی لێکۆڵینەوەکە:

لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا سـوود لـە تیکەهەواڵەکانـی تەلەفزیۆنـی (ڕووداو) وەرگیـراوە، واتـە کەرسـتەی خـاوی لێکۆڵینەوەکەمـان، بریتییـە لـە تیکەهەواڵەکانـی کەناڵـی ڕووداو لـە چەنـد کاتێکـی جیـاوازدا.

٤ - سنووری لێکۆڵینەوە:

ئـەم لێکۆڵینەوەیـە بـە زمانـی کـوردی زاری کرمانجیـی ناوەڕاسـت نـووسراوە، بەگشـتی کارەکانـی لەئاسـتی واتاسـازیی (سـیمانتیک – پراگماتیـک) ئەنجام دەدات، لەکاتـی پێویستیشـدا سـوود لـە ئاسـتەکانی تـری زمـان وەرگیـراوە.

٥ - گرنگیی لێکۆڵینەوەکە:

تـا ئـەو شـوێنەی لێکۆڵـەری ئـەم لێکۆڵینەوەیـە ئاگاداربێـت، لێکۆڵینـەوەی لـەم شـێوەیە لـە زمانـی کوردیـدا نەکـراوە، هەروەهـا ئاسـتی واتـا بـە هـەردوو لقەکەیـەوە گرنگییەکـی زۆری هەیـە لەزمانـدا، بۆیـە لێـرەدا دەمانەوێـت گرنگیـی ئاسـتی واتـا لـە تیکەهەواڵـدا بخەینـە ڕوو.

٦ - پلانی لێکۆڵینەوە:

ئـەم لێکۆڵینەوەیـە لـە دوو بـەش پێـک هاتـووە، بەشـی یەکـەم بەشـێکی تیۆرییـە و ئـەم ناونیشـانانە لەخـۆ دەگرێـت (زمـان و پێوەندیکـردن، بنەماکانـی پێوەندیکـردن، زمـان و پێوەندیکردنـی جەمـاوەری، زمـان و زمانـی ڕاگەیانـدن، تیکەهـەواڵ، زاراوە، چەمـک، مێـژوو) بەشـی دووەم، زیاتـر لایەنـی پراکتیکیـی لێکۆڵینەوەکەیـە و لـە دوو تـەوەرە پێـک هاتـووە، تـەوەرەی یەکـەم ئـەم ناونیشـانانە لەخۆدەگریـت (لێکدانـەوەی واتـای سـیمانتیکی لـە تیکەهەواڵـدا، واتـای فەرهەنگـی، واتـای دەنگـی، واتـای مۆرفۆلـۆژی، واتـای سینتاکسـی، ڕیزبوونـی کەرسـتەکان و جێگۆڕکێکردنـی کەرسـتەکان)، تـەوەرەی دووەم ئـەم ناونیشـانانە دەگرێتـە خـۆ (لێکدانـەوەی واتـای پراگماتیکـی لـە تیکەهەواڵـدا، گریمانـەی پێشـینە، کـردە قسـەییەکان، نیشـانکار) لـە کۆتاییـی لێکۆڵینەوەکەشـدا کورتەیـەک بـە زمانەکانـی عەرەبـی و ئینگلیـزی پێشـکەش کـراوە.

١-١ زمان و پێوەندیکردن:

بەڵگـە نەویسـتە مـرۆڤ بوونەوەرێکـی کۆمەڵایەتییـە، هەمیشـە هەسـتی ئاڵوگۆڕکردنـی پێوەنـدی لا دروسـت دەبێـت و هەوڵـی جێبەجێکردنـی ئـەو هەسـتە دەدات، پێوەندیکردنـی مرۆڤەکانیـش بـە زۆری لـە ڕێگـەی زمانـەوە ئەنجـام دەدرێـت، ئینجـا زمانـی نووسـین یـان زمانـی ئاخاوتـن بێـت، هـەر بۆیـە زمانناسـێکی وەک (جـۆن لاینـز) لـە پێناسـەکردنی زمانـدا دەڵێـت "زمـان ئامێرێکـە لـە خزمەتـی پێوەندیکردندایـە" (عەبدولڕەحـمان، ٢٠٠٨: ٥) کەواتـە زۆرینـەی پێوەندیکردنەکانـی مـرۆڤ لـە ڕێگـەی زمانـەوە بـە ئەنجـام دەگات، بـە واتایەکـی تـر مـرۆڤ لـە ڕێگـەی زمانییـەوە کارەکانـی جێبەجـێ دەکات، هەرچەنـدە "مـرۆڤ ڕێگـەی تریشـی دۆزیوەتـەوە بـۆ دابینکردنـی ئـەم پێوەندییـە، وەک بزاوتنـی دەسـت و دەموچاو...تـد" (فەتـاح، ٢٠١١: ٢٣) بـەڵام ئـەو ڕێگەیەیـان بەکارهێنانـی کەمـتری هەیـە چونکـە

"زمـان گرنگتریـن ئامێـری پێوەندیکردنـی ئادەمیـزادە، بەبـێ زمـان پێوەنـدی لـە نێـوان ئادەمیـزادەکان دروسـت نابێـت، بـێ پێوەندیـش کۆمەڵگـە دروسـت نابێـت." (میدیـا، ١٩٩٨: ٦٠) ئەمـەش گرنگـی ئەرکـی پێوەندیکردنـی زمانیـمان بـۆ ڕوون دەکاتـەوە، کـە چ ڕۆڵێکـی لـە ژیانـی مرۆڤـدا هەیـە، "ئەرکـی پێوەندیکـردن سـەرچاوەی هەمـوو ئەرکەکانـی دی زمانـە، ئەگـەر بێتـوو لـە ئەرکەکانـی زمـان وردبینـەوە، دەبینیـن پێوەندیکـردن هاوبەشـی هەمـوو ئەرکەکانـی تـرە و زمـان ڕۆڵێکـی بـاڵای تێـدا دەگێڕێـت." (عەلـی، ٢٠٠٥: ٦٣) ئـەوەی لێـرەدا جێگـەی هەڵوەسـتە لەسـەرکردنە، خـودی جـۆری پێوەندیکردنەکەیـە، چونکـە دوو جـۆری پەیوەندکـردن هەیـە، پێوەندیکردنـی زمانـی و پێوەندیکردنـی نازمانـی، ئـەوەی ئێمـە لـەم لێکۆڵینەوەیـە مەبەسـتمانە پێوەندیکردنـی زمانییـە، چونکـە خوێندنـەوە و لێکدانـەوەی (تیکەهـەواڵ) دەچێتـە قاڵبـی پێوەندیکردنـی زمانـی/ زمانـی نـووسراو.

١-٢ بنەماکانی پێوەندیکردن:

پێوەندیکـردن پرۆسـەیەکە بـۆ بـە ئەنجـام گەیاندنـی بەلایەنـی کەمـەوە دەبێـت دوو هاوبـەش هەبـن، کـە ئەوانیـش (نێـرەر، وەرگر)ـن، زمانناسـان لـە بـارەی بنەماکانـی پێوەندیکـردن و لـە بـارەی هاوبەشـەکانی ئـەم پرۆسـەیە بۆچوونـی جیاوازیـان هەیـە، پرۆسـەی پێوەندیکـردن بـە بـڕوای سۆسـێر بـەم شـێوەیە دەبێـت "پرۆسـەی پێوەندیکـردن بـە لایەنـی کەمـەوە پێویسـتی بـە دوو کـەس هەیـە، سـەرەتای پێڕەوەکـە لەلایـەن (A)ـەوە دەسـتپێدەکات لـە چوارچێـوەی پەوەندیکردنـدا، تێیـدا (A,B) پێکـەوە گفتوگـۆ دەکـەن، پەیامەکـەش بریتـی دەبێـت لـە بیرۆکەکانـی (A) بـە ئاراسـتەی (B) دەڕوات، دواتـر بازنەکـە بـەردەوام دەبێـت لەلایـەن (B)ـەوە، بـەڵام بـە ئاراستەیەکی پێچەوانـە، ئەگـەر وێناکردنـی مێشـکی (A,B) یەکسـان بـوو، ئـەوە پەیوەندکردنەکـە سـەرکەوتوو دەبێـت." (الشـجری، ٢٠١١: ٦-٧) ئـەوەی لـە بیرۆکەکـەی سۆسـێر دەخوێندرێتـەوە سـەبارەت بـە پرۆسـەی پێوەندیکـردن، ناوبـراو بـڕوای وایـە پرۆسـەکە، بەلایەنـی کەمـەوە پێویسـتی بـەوە هەیـە کەسـێک هەبێـت و خاوەنـی بیرۆکـە بێـت و لـە ڕێگـەی کەناڵێکـی فیزیکییـەوە بینێرێـت بـۆ کەسـی بەرانبـەر، هەرچـی (یاکۆبسن)ـە لەبـارەی پرۆسـەی پێوەندیکردنـەوە دەڵێـت "نێـرەر پەیامێـک بـۆ وەرگـر دەنێرێـت، بـۆ ئـەوەی پەیامەکـەی کاریگـەر بێـت پێویسـتی بـە دەوروبەرێـک هەیـە، کـە لای وەرگـر درک پێکـراو بێـت، پەیامەکـەش پێویسـتی بـە کۆدێکـی هاوبـەش هەیـە لـە نێـوان وەگـر و نێـرەر، گواسـتنەوەی پەیامیـش پێویسـتی بـە کەناڵێکـی فیزیکـی هەیـە." (یاکوبسـن، ١٩٨٨: ٢٧) ئـەوەی لـە بیرۆکـەی یاکۆبسـن دەخوێندرێتـەوە لەبـارەی پرۆسـەی پێوەندیکردنـەوە، ناوبـراو بەشـێوەیەکی وردتـر لـە سۆسـێر بنەماکانـی پێوەندیکردنـی دەستنیشـانکردووە، بنەماکانـی پێوەندیکـردن لای یاکۆبسـن بریتییـن لـە (نێـرەر، پەیـام، بەکۆدکـردن، کەنـاڵ، وەرگـر، کۆدکردنـەوە)، مەبەسـت لـە بەکۆدکـردن و کۆدکردنـەوەش ئـەو پرۆسـە وەرگێڕانەیـە، کـە لەمێشـکی هاوبەشـەکانی پێوەندیکردنـدا ئەنجـام دەدرێـت.

١-٢-١ نێرەر:

کەسـی یەکەمیـن و خـاوەن بیرۆکەیـە لـە پرۆسـەی پێوەندیکردنـدا، نێـرەر "بریتییـە لـەو سـەرچاوەی کار لەسـەر بەرهەمهێنانـی پەیـام دەکات، کـە هەڵگری واتایـە لـە ڕێگـەی پێوەندیکردنـەوە بـۆ وەرگـری دەنێرێـت." (الموسـوی، ٢٠٠٣: ٧٠) ئەمـەش بـەو واتایـە دێـت، کـە نێـرەر لـە پرۆسـەی پێوەندیکردنـدا گۆشـەیەکی زینـدووە و بەبـێ بوونـی ئـەو پرۆسـەی پێوەندیکـردن بەرهەمـی نابێـت، هەروەهـا بیروبۆچوونەکانـی نێـرەر بـە تـەواوی ڕەنگدانـەوەی دەبێـت لـە پەیامـدا، چونکـە نێـرەر بـەو پاشـخانە ڕۆشـنبیری و کۆمەڵایەتییـەی خـۆی، کـە هەیەتـی بیرۆکەکانـی بـە کـۆد دەکات و لـە ڕێگـەی پەیامـەوە بـۆ وەرگـری دەنێرێـت، نێـرەر لـە سـەرەتادا هەڵدەسـتێت بـە گۆڕینـی بیرۆکەکانـی بـۆ (کـۆد/ هێـما) بـە جۆرێـک ئـەم کـردارە ئەنجـام دەدات کـە وەرگـر بتوانێـت لـە پەیامەکـە بـگات، لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا نێـرەر بریتـی دەبێـت لـە کەناڵـی ڕاگەیاندنـی بینـدراو (تەلەفزیـۆن)، چونکـە (تیکەهـەواڵ) بـە شـێوەیەکی نووسـەکی بـە شـێوەیەکی بـەردەوام لـە بەشـی ژێـرەوەی شاشـەی تەلەفزیۆنـدا دەڕوات.

١-٢-٢ پەیام:

"دەقێکـی زمانییـە دوای بەکارهێنانـی، ئامرازێکـە لـە نێـوان هاوبەشـەکانی پێوەندیکـردن" (علـی، ١٩٩٣: ١٣٥) پەیـام ئـەو

بیروبۆچـوون و زانیارییانەیـە کـە نێـرەر بـە کـۆدی کـردوون و لــە ڕێگــەی کەناڵــەوە بــۆ وەرگــری دەنێرێــت، پەیــام بــە گوێـرەی سیسـتەمی پێوەندیکردنەکـە یـان لـە شـێوەی زارەکـی دایــە یــان لــە شــێوەی نووســەکی دەبێــت "کــۆدەکان لــە پێــڕەوی گەیاندنــدا ڕوخســاری دەرەوەی پەیامەکــە نیشــان دەدەن و بابەتیــش ناوەڕۆکــی پەیامەکــە دەگەیێنێــت." (قــادر و ئەوانــی تــر، ٢٠١٣: ٣٧) پەیــام خاوەنــی فــۆڕم و واتــا فۆڕمەکــەی بریتییــە لــە کۆمەڵێــک هێــمای زمانــی یــان نازمانــی، هەرچــی ناوەڕۆکەکەیەتــی ئــەوە کــۆی ئــەو زانیــاری و بیرۆکانــە دەگرێتــەوە، کــە نێــرەر پێــی وروژاوە و پاشــان بــە کــۆدی کــردوون دواتــر ناردویەتــی بــۆ وەرگــر، لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا پەیـام بریتییـە لـە (تیکەهـەواڵ) چونکـە تیکەهــەواڵ داڕێــژراوی دەســتی میدیــاکار یــان هەواڵســازە، بۆیـە لێـرەدا پەیـام هەمیشـە بریتییـە لـە پەیامێکـی زمانـی/ نووســەکی.

١-٢-٣ وەرگر:

لایەنـی سـێیەمە لـە پرۆسـەی پێوەندیکردنـدا، واتـە وەرگـر کەســی بەرانبــەری نێــرەرە. وەرگــر بریتییــە لــەو "کەســەی پەیامــی نیــرەری پێــدەگات." (علــی، ١٩٩٣: ١٣٨) وەرگــر بــە جۆرێــک لــە جــۆرەکان کاریگەریــی لەســەر پرۆســەی پێوەندیکــردن هەیــە، چونکــە نێــرەر بــە گوێــرەی لێکدانــەوەی وەرگــر پرۆســەی بەکۆدکــردن ئەنجــام دەدات، بــە واتایەکــی تــر "وەرگــر بــە شــێوەیەکی ناڕاســتەوخۆ ڕۆڵ دەبینێــت لــە ئاراســتەکردنی نێــرەر لەکاتــی هەڵبژاردنــی هێــما و داڕشــتنی گوتنەکانیــدا." (قــادر و ئەوانــی تــر، ٢٠١٣: ٣٩) ئەگــەر نێــرەر پەیامــی ئاراســتەی وەرگــر کــرد، وەرگــر کاردانــەوەی نەبــوو ئــەوە پرۆســەکە بەردەوامــی نابێــت، لــەم لێکۆڵینەوەیــەدا وەرگــر بریتــی دەبێــت لــە (جەمــاوەر) چونکــە نێــرەر بریتییــە لــە تەلەفزیــۆن، خەڵکیــش بەگشــتی ســەیری تەلەفزیــۆن دەکــەن, بــەم پێیــەش وەرگــر زیاتــرە لــە تاکەکەســێک بەمــەش پێوەنــدی جەماوەریــی دروســت دەبێــت.

١-٢-٤ کەناڵ:

بریتییــە لــەو ناوەنــدەی پەیامــی نێــرەر بــۆ وەرگــر دەگوازێتــەوە، کەنــاڵ بەپێــی جــۆری پرۆســەی پەیوەندکــردن لــە گۆڕاندایــە، بــەم پێیــە بێــت کەنــاڵ بریتییــە لــە "هــەر پێوەندییــەک لــە ڕێــی کەرســتەوە لەنێــوان وەرگــر و نێــرەر دا هەبێــت وەک کەنــاڵ بەکاردەهێندرێــت، کــە لەلایــەن نێــرەرەوە بگۆڕدرێــت و لەلایــەن وەرگــر بەگــۆڕدراوی پــەی پێببرێــت کەناڵــە." (محــوی، ٢٠٠٩: ٣٦) کەواتــە کەنــاڵ ئەڵقــەی پێوەنــدی نێــوان نێــرەر و وەرگــرە و ســەرچاوەی گواســتنەوەی پەیامــە، لــەم لێکۆڵینەوەیــەدا کەنــاڵ بریتــی دەبێــت لــە (تەلەفزیــۆن)، بــە شــێوەیەکی ناڕاســتەوخۆ تەلەفزیــۆن هــەم نێـرەرە و هەمیـش کەنـاڵ، چونکـە ڕۆڵـی نێرەریـش دەگێڕێـت.

١-٢-٥ کۆد:

لــە زمانــدا هەریەکــە لــە زاراوەکانــی "زمــان- Language ــی سۆسـێر و سیسـتەمی- System ــی هێلمسـلیف و توانسـتی- Competenceــــی چۆمســکی گوزارشــت لــە کــۆد دەکــەن." (بومزبــر، ٢٠٠٧: ٢٨) کەواتــە بــە گشــتی زاراوەی کــۆد گوزارشــتە بــۆ سیســتەمێکی هێمایــی، کــە لــە نێــوان نێــرەر و وەرگــردا هاوبەشــە، لەبــەر ئــەوەی پەیــام بــە کــۆد دەکرێــت، ئەگــەر کــۆد نەبێــت پەیامیــش بوونــی نابێــت، بەمــەش پرۆســەکە بــە ناتــەواوی دەمێنێتــەوە، چونکــە ئەگــەر پەیــام تەنیــا بیرۆکــە بێــت و لەمێشــکی نێــرەردا بێــت و وەرینەگێڕێتــە ســەر کــۆد، ئــەوە وەرگــر توانــای خوێندنــەوە و وەرگرتنــی بیرۆکەکانــی نــاو پەیامەکــەی نابێــت، واتــە پەیــام کــۆد ئــەو هێــما زمانــی و نازمانییانەیــە کــە، نێــرەر و وەرگــر هەردووکیــان توانــای شــیکردنەوە و لێکدانەوەیــان هەیــە بــۆی.

١-٢-٦ دەوروبەر:

بەگشــتی لــە زمانــدا دوو جــۆر دەوروبــەر هەیــە، واتــە زمانناســان دوو جۆریــان لــێ دەستنیشــان کــردووە، ئەوانیــش بریتییــن لــە دەوروبــەری زمانــی و دەوروبــەری نازمانــی، ئــەم دوو جــۆرەی دەوروبــەر بــە تــەواوی کاریگەرییــان لەســەر (تیکەهــەواڵ) هەیــە، چونکــە دەوروبــەری زمانــی گرنگــی بــە پێکهاتــە زمانییەکانــی تیکەهــەواڵ دەدات و دەوروبــەری نازمانیـش گرنگـی بـە دەرەوەی تیکەهـەواڵ دەدات، دەوروبـەر "چەمکێکــی فراوانــە هەمــوو ئــەو شــتانە دەگرێتــەوە، کــە کاریگەرییــان هەیــە لــە ئێســتە و ڕابــردوو. دەوروبــەر بــۆ لێکدانــەوەی واتــا گرنگییەکــی زۆری هەیــە و خاڵێکــی جیاکەرەوەیــە لــە نێــوان ســیمانتیک و پراگماتیــک." (دزەیــی، ٢٠١١: ٢٨) دەوروبــەر هەمــوو ئــەو زانیارییانــە دەگرێتــەوە

کـە، نێـرەر وا هەسـت دەکات وەرگـر دەیانزانێـت بۆیـە لـە خـودی گوتنەکەیـدا ئاماژەیـان پێـکات، ئـەم بۆچوونـە بـۆ بایەتێکـی وەک (تیکەهـەواڵ) دروسـتە، چونکـە تـەواوی هەواڵەکـە ئامـاژەی بـۆ ناکرێـت، بەڵکـوو تەنیـا ئامـاژە بـەو بەشـە دەکرێـت، کـە وەرگـر پێویسـتی پێیەتـی.

١-٣ زمان و پێوەندیکردنی جەماوەریی:

بـە گشـتی زمـان، لـە هەمـوو لایەنـە جۆربەجۆرەکانـی ژیانـی مرۆڤـدا، پشـکی هەیـە. "ڕەنگـە ڕاگەیانـدن زیاتـر لـە هەمـوو بوارەکانـی تـر بـە زمانـەوە پێوەسـت بێـت، تـا ئـەو ڕادەیـەی، کـە بڵێیـن ڕاگەیانـدن وەک چەمکێکـی کلاسـیکی بریتییـە لـە زمـان." (جـراد، ٢٠١٨: ٣١١) پێوەنـدی کردنـی جەماوەریـی بریتییـە لـە "پرۆسێسـی گواسـتنەوەی پەیـام لـە نێـرەرەوە بـۆ وەرگـران بەمەرجێـک کـە، وێکچوونێـک لـە نێـوان واتـای وەرگـران و ئـەو واتایـەی نێـرەر مەبەسـتیەتی وەدی بێـت." (سـورخی، ٢٠٠٥: ١٣) زمـان بـە هـەردوو شـێوەکەیەوە زمانـی نـووسراو و زمانـی ئاخاوتـن لـە پەیوەندکردنـی جەماوەریـدا پشـکی شـێری بەردەکەوێـت، چونکـە پێوەنـدی جەماوەریـی لەرێگـەی یەکێـک لەمانـەوە دەبێـت (کتێـب، گۆڤـار، ڕۆژنامـە، تەلەفزیۆن...تـد) واتـە پێوەنـدی جەماوەریـی "ئـەو پرۆسـەیە بـە بەکارهێنانـی ئامرازەکانـی میدیایـی کار دەکات." (فـاروق و ئەوانـی تـر، ٢٠١٣: ٢٠٧) کەواتـە پێوەنـدی جەماوەریـی لـە ڕێگـەی زمانـەوە بیرۆکەکانـی ئاراسـتەی جەمـاوەر دەکات، هەروەهـا دەبێتـە هـۆی گواسـتنەوەی کلتـوور و ڕۆشـنبیری لـە نەوەیەکـەوە بـۆ نەوەیەکـی تـر، لـە پرۆسـەی فێرکـردن و پەروەردەکردنـدا، ڕۆڵـی سـەرەکی دەبینێـت. ئـەوەی جێگـەی سـەرنجە لـە پێوەندییـە جەماوەرییەکانـدا زمـان ئامـرازە، نـەک ئامانـج چونکـە لـە ڕێگـەی زمانـەوە بیرۆکـە و بۆچوونـەکان دەگوازرێنـەوە بـێ گوێدانـە کـۆت و بەندەکانـی زمـان، هـەر ئـەم هـۆکارەش وای کـردووە، زمـان لـە پێوەندییـە جەماوەرییەکانـدا لـە زمانـی ئاسـایی جیـاواز بێـت.

١-٤ زمان و زمانی ڕاگەیاندن:

زمـان بـە چەنـدان شـێوەی جیـاواز پێناسـەی بـۆ کـراوە، بـۆ بەرهەمهێنانـی ئـەو پێناسـانەش هـەر زانـا و زماناسـێک پشـتی بـەو پاشـخانە زانسـتییە و ڕێبازێکـی تایبـەت بەسـتاوە، ئەمـەش ئاماژەیـە بـۆ ئـەو ئالۆزییـەی، کـە لـە زمانـدا هەیـە. زمـان هاوشـێوەی کۆمـەڵ بـەردەوام لـە جووڵـە و گۆڕاندایـە واتـە "هەمـوو ئـەو گۆڕانکاریيانـەی سـەر مـرۆڤ و کۆمـەڵ کاریگەرییـان لەسـەر زمـان هەیـە، زمـان لـە هەمـوو ئاسـتەکاندا کار دەکات بـە پێـی یاسـا لـە ئەنجامـی دەرس وەرگرتـن و کەڵکەبوونـی تاقیکردنـەوە دوور و درێـژی پراکتیکیـی ژیانـەوە هەڵێنجـراوە لـە عەقـڵ و هۆشـی مرۆڤـدا پارێـزراوە." (جـراد: ٢٠١٧: ٣١٠) یەکێـک لـە پێشـکەوتنەکانی مـرۆڤ بریتییـە لـە بـواری میدیـا، بێگومـان بـواری میدیـا بـە گشـتی سـوود و کەڵکـی زۆری لـە زمـان وەرگرتـووە، وەک ئامرازێـک بەکارهێنـاوە بـۆ گوزارشـتکردن لەکارەکانـی، بـە تایبـەت لـە میدیـای نـووسراودا.

زمانـی ڕاگەیانـدن بریتییـە لـەو ئامـرازەی ڕاگەیاندنـکاران بەهۆیـەوە پەیامەکانیـان بـۆ وەرگـران دەنێـرن بەپێـی پسـپۆڕی جـۆری ڕاگەیاندنەکانیـان. پرۆسـەی گواسـتنەوەی پەیامەکانیـش بـەم شـێوەیە دەبێـت: سـەرەتا لـە دونیـای دەرەوەدا ڕووداوێک...تـد ڕوودەدات، کەسـێکی ڕاگەیاندنـکار یـان هەواڵسـازێک ڕووداوەکـە ڕوومـاڵـدەکات و دەیـکات بـە هـەواڵ، دواتـر هەوڵـی ئـەوە دەدات لـە ڕێگـەی یاسـا زمانییەکانـەوە هەواڵەکـەی دابڕێژێـت، تـا ئێـرە پرۆسـەکە پرۆسـەیەکی ئاسـاییە، چونکـە کار بـە یاسـا زمانییـەکان دەکات، بـەڵام قۆناغـی بڵاوکردنـەوەی زانیارییـەکان بـە گوێـرەی یاسـا زمانییـەکان بەڕێـوە ناچێـت، چونکـە کەسـی داڕێـژەری زانیارییـەکان ئـەوەی لـە دەسـتی بێـت ئەنجامـی دەدات، بـۆ سەرنجڕاکێشـانی زۆرتریـن وەرگـر، بۆیـە زمانـی ڕاگەیانـدن، بریتییـە لـە و زمانـەی، کـە ڕاگەیاندنـکاران بـەکاری دێنـن، زمانـی ڕاگەیانـدن بـەوە لـە زمانـی ئاسـایی جیـا دەکرێتـەوە، زمانێکـی خێرایـە و زمانێکـی کورتبـڕە، وەڵامـی داواکارییەکانـی سـەردەمی خۆیەتـی، ئـەم خەسـڵەتانەش ئەومـان پـێ دەڵێـن، کـە زمانـی ڕاگەیانـدن زیاتـر لـە زمانـی (مێتـا) نزیکـترە وەک لـە زمانـی ئاسـایی، چونکـە زمانـی مێتـا "بریتییـە لـە کۆمەڵێـک پرسـیاری جیـاواز، کـە دەبێتـە هـۆی ڕوونکردنـەوەی پـتری مەبەسـت، کۆمەڵێـک شـێوازی زمانییـە دەبێتـە هـۆی تەرکیزکردنـی چەمـک و ڕوونکردنـەوەی زیاتـری واتـا" (فـاروق و ئەوانـی تـر، ٢٠١٣: ٢٨٤) زمانـی ڕاگەیانـدن هەندێـک جـار

بەشێوەیەکی ئەنقەست و خۆویستانە دەبێتە هۆی تێکدانی یاسا زمانییەکان، چونکە یاسا زمانییەکان، بەبێ ئەوەی لەلایەن بەکارهێنەرانییەوە بخوێندرێت دەزاندرێن، واتە هەر زوو دەربڕینەکان دەناسنەوە، بەڵام ئەمە لە زمانی ڕاگەیاندندا بە شێوەیەکی ترە، واتە کار بەهەموو یاساکانی زمان ناکەن، ئەمەش بۆ سەرنجڕاکێشانی وەرگران ئەنجام دەدەن.

١-٥ تیکەهەواڵ، زاراوە، چەمک، مێژوو:

یەکێک لە زاراوەکانی بواری ڕاگەیاندنی بیندراو بریتییە لە تیکەهەواڵ، تیکەهەواڵ لەڕووی زمانییەوە وشەیەکی لێکدراوە، لە دوو بەش پێک هاتووە، بەشی یەکەمی بریتییە لە وشەی (تیکە) لە زمانی کوردیدا بە واتای "ئەندازەیەکی کەم لە شتێک دێت." (خاڵ، ٢٠٠٥: ٩٨) یان تیکە بە واتای پارچە یان پارچەی بچووکیش دێت، لە زمانی فارسیدا (تیکە) بە واتای "پارچە یان پارچە شتێک دێت یان بە واتای وەرگرتنی شتێک دێت بۆ تانە لێدان" (معین، ١٣٧٦: ١١٢٨) هەر لە بارەی واتای وشەی (تیکە) ەوە (دهخدا) لای وایە تیکە بە واتای "پارچەیەکی بچووک لە پارچەیەکی لە خۆی گەورەتر دێت." (دهخدا، ١٣٧٧: ٦٩١٨) کەواتە بەگشتی واتای وشەی (تیکە) بریتییە لە (پارچە، بەش، ڕێژە، ڕادە...تد لە شتێک) هەرچی وشەی (هەواڵ)ە، ئەوە هەریەکە لە فەرهەنگەکانی خاڵ و هەنبانەبۆرینە تەنیا ئەوەندەیان نووسیوە، هەواڵ بەرانبەر وشەی (ئەحواڵە)، (خاڵ، ٢٠٠٥: ٥٢٢) (شرفكندی،١٣٦٩: ١٠٠٨) ئەو بەکارهینانەی ئێمە مەبەستمانە، هەواڵ بریتییە لەو قسە و دەنگوباسەی کە بە پێی کات و شوێن هەمیشە لە گۆڕاندایە، هەواڵ بەرانبەر وشەی (خبر)ی عەرەبی و (News)ی ئینگلیزی بەکار دەهێندرێت.

کەواتە کۆی زاراوەی (تیکەهەواڵ) بریتییە لە بەشێکی کەم یان بچووک لە هەواڵێک، لە زمانی عەرەبیدا بەرانبەر ئەم زاراوەیە، زاراوەی (شريط الاخبارى) بەکار دێت، هەروەها لە زمانی ئینگلیزیدا بەرانبەر زاراوەی تیکەهەواڵ چەند زاراوەیەک بەکار دێت وەک (Ticker, Subtitle,...) بەڵام نزیکترین و گونجاوترین زاراوە لەگەڵ ئەم لێکۆڵینەوەی ئێمەدا، بریتییە لە زاراوەی (Ticker) "تیکە لەسەرەتادا ئیشی نیشاندانی نرخی کۆگان بوو بەسەر هێڵی تەلەگرافەوە، لەنێوان ساڵانی ١٨٧٠- ١٩٧٠ بەردەوام بوو، ئەم شریتە بریتی بوو لە شریتێکی کاغەزیی بەناو ئامێرێکی چاپکردندا دەڕۆیشت بۆ ئەوەی نرخی کۆگا و ژمارەی ژمێرەیی...تد لەسەر چاپبکرێت، تیکە لەو دەنگەوە هاتە ئاراوە کە، ئامیرەکە لەکاتی کارکردنیدا دروستی دەکرد." (Ticker tape - Wikipedia) بەڵام زاراوەی تیکە گۆڕانکاری بەسەرداهات، ئێستە لەبواری زانستی میدیایی بەکار دێت، بەڵام لەرووی شێوە و کارکردنی نزیکییەک لەنێوان کاری ئێستە و ڕابردوویدا ماوە، چونکە لە هەردووکی دا نیشاندەری زانیاری و هەواڵ بووە، تیکە لە سەرەتادا بەم شێوەیە پێناسەی بۆ دەکرا "بروسکە نێرێکی نووسەرە تیپەکانی بە شێوەی تەلەگراف دەنێردرێت تاوەکوو بە نووسراوی لەسەر شریتێکی کاغەزی لە ئامێری وەرگرتندا دەربکەوێت." (عبدول، ٢٠٠٦: ٦٥٢) بەڵام لەسەردەمی ئێستەدا پێناسەی تیکە گۆڕاوە، هەرچەندە لەرووی ئەرکەوە هەمان ئەرک جێبەجێ دەکات، واتە تیکە دەبێتە "نیشاندەری هەواڵ و بریتییە لە دێرێک لە دەقێکی هەواڵێک کە، بەسەر شاشەی تەلەفزیۆن یان کۆمپیوتەردا تێ دەپەڕێت." (ticker noun - Definition, pictures, pronunciation and usage notes | Oxford Advanced Learner's Dictionary at OxfordLearnersDictionaries.com)) کەواتە بەگشتی دەکرێت بڵێین: تیکە لە هەواڵدا بریتییە لە هەواڵێکی کورت یان پارچەیەکی بچووک لە دەقێکی هەواڵیدا بە شێوەیەکی نووسەکی بەسەر هێڵیکدا لە بەشی خوارووی تەلەفزیۆنەکاندا تێ دەپەڕێت.

مێژووی بەکارهێنانی تیکە بەم شێوە باوەی ئێستە دەگەڕێتەوە بۆ "تۆڕی هەواڵی CNNی ئەمریکی، بۆیەکەم جار لە ساڵی ١٩٩١دا لەشەڕی کەنداودا ئەم شریتە هەواڵەی بەکارهێنا، ئەو کات CNN لەنێوان ١٥-٢٠ هەواڵی بڵاو دەکردەوە، ئەمەش لە گۆڕاندایە، بەپێی ویستی کەناڵەکان." (شريط إخباري - ويكيبيديا (wikipedia.org)) واتە مێژووی تیکە زۆر کۆن نییە و دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو. ئەم تیکەهەواڵە بە

گۆیرەی زمانی بەکارهاتوو لە گۆڕاندایە بۆ زمانێکی وەک کوردی لە ئاراستەی ڕاستەوە بۆ چەپ تێ دەپەڕێت، بەڵام ئەگەر زمانێکی وەک ئینگلیزی وەربگرین، ئەوە ئاراستەکە پێچەوانەیە.

٢-١ لێکدانەوەی واتای سیمانتیکی لە تیکەهەواڵدا:

سەرەتا دەبێت ئەوە بزانین لێکدانەوەی واتا لە ئاستی سیمانتیکدا پشت بە واتای فەرهەنگی و ڕیزکردبوونی کەرستەکان دەبەستێت، بە واتایەکیتر واتا لەم ئاستەدا "بریتییە لە واتای وشەکان+ کاریگەریی ڕێزمانی" (دزەیی، ٢٠٠٩: ٣٤) دەبێت تێبینی ئەوە بکەین فەرهەنگ تەنیا بەس نییە بۆ لێکدانەوەی واتا، چونکە مەرج نییە واتای هەموو وشەکانی زمان لە فەرهەنگدا بوونیان هەبێت، بە تایبەت "دەربڕینە ئاڵۆزەکانی وەک وشەی ئاڵۆز و فرێز و ڕستە." (ئیبراهیم، ٢٠١٤: ١٤) چونکە واتای ئەم دەربڕینانە، بە توانستی زمانییەوە بەندن، واتە هەموو زمانزانێک دەتوانێت چەندان ڕستە دروست بکات بە پێی ئەو یاسا زمانیانەی لەبەردەستدان، بەبێ ئەوەی پێشتر گوێی لێبووبێت، کەواتە بۆ لێکدانەوەی واتای سیمانتیکی لە تیکەهەواڵدا پێویستمان بە هەریەکە لە (واتای فەرهەنگیی، واتای دەنگسازیی، واتای ڕێزمانی.... تد) دەبێت.

٢-١-١ واتای فەرهەنگی:

بریتییە لەو واتایەی وشەکانی ناو فەرهەنگی زمانێکی دیاریکراو دەیدەن بە دەستەوە، ئەمەش لەکاتێکدایە بەبێ ئەوەی لە ڕۆنانی ڕستەدابن، بەواتایەکیتر واتای فەرهەنگی ئەو واتایەیە کە، "بەبێ گەڕانەوە بۆ بەکارهێنان وەردەگیرێت." (عەلی، ٢٠١١: ٣١) ئەم جۆرەی واتا واتایەکی جێگیرە و "خاوەنی ڕۆنانێکی وا ڕێکە بە ئاسانی بەراورد دەکرێت لەگەڵ ڕۆنانی ئاستەکانی تری زمان." (فەتاح، ٢٠١١: ١٦١) ئەم جۆرەی واتا لەلای تاکەکانی کۆمەڵگەوە بەکار دێت و هەمووانیش لەسەری ڕێککەوتوون، واتە واتای فەرهەنگی بەرهەمێکی کۆمەڵایەتیی تاکەکانی کۆمەڵگەیە، واتایەکی نەگۆڕی بڵاوی هەیە. هەروەها واتای فەرهەنگی بە هۆی سیما جیاکەرەوەکان لە جۆرەکانی تری واتا جیا دەکرێتەوە، بە واتایەکی تر واتای فەرهەنگی "کۆمەڵێک سیمای واتاییە لە وشەیەکدا کۆبووەتەوە لە ڕووی واتاییەوە سیماکان هەندێکیان هاوبەشن و هەندێکیتریان جیاواز." (الخماش، ١٤٢٨: ٥٤) بەگشتی دەکرێت بڵێین واتای فەرهەنگی یەکێکە لە جۆرەکانی واتا، گرنگی لە هەموو جۆرەکانی تر زیاترە، خاوەنی ڕۆنانێکی ڕێکە و کۆمەڵێک تایبەتمەندیی هەیە و بە هۆی سیما جیاکەرەوەکانەوە کار دەکات.

یەکشەممە مووچەی حەڤدە وەزارەت دابەش دەکرێت.

لەم نموونەی سەرەوەدا واتای فەرهەنگی کەرستەپێکهێنەکانی ڕستەکە بەم شێوەیە دەبێت:

یەکشەممە (+رۆژ، +کات، +یەکەم ڕۆژی هەفتە.....تد)

مووچە (+پارە، +دارایی، +توانای کڕین....تد)

حەڤدە (+ژمارە، + ژمارەی موجەب، -کۆ، +تاک، +ژمارەی دەیی،...تد)

وەزارەت (+شوێن، +کارکردن، +کارمەند،....تد)

دابەش دەکرێت (+کاتی ڕانەبردوو، +جووڵە، +ژمێرەکردن،....تد)

لەم نموونەی سەرەوەدا، هەریەکە لە وشەکان خاوەنی کۆمەڵێک سیمان، دەکرێت هەندێک سیمایتریشیان هەبێت، لێرەدا دەبێت سەرنجی ئەوە بدەین واتای فەرهەنگی لە بەکارهێنان و دەروبەردا، واتاکەی دەردەکەوێت، چونکە هەموو وشەیەک لەناو فەرهەنگدا واتایەکی ڕوونی نییە، تا ئەو کاتەی لە ڕستەدا بەکار دەهێندرێت. واتە وشە لە بەکارهێناندا واتاکەی بەگوێرەی وشەکانی پشت و پێشی خۆی لە گۆڕاندایە.

٢-١-٢ واتای دەنگیی:

ئەم جۆرە واتایە دەگرێتەوە لە ئەنجامی شێوازی گۆکردنەوە دێتە ئاراوە، بۆ نموونە "ئاوازەی ڕستەی پرسیاریی و سەرسوڕمان وهەواڵدان جیاوازە، هەروەها هێز خستنەسەر وشە/فرێز...تد بە مەبەستی جەختکردنەوە." (الوعر، ٢٠٠١: ٥٤) دەبێتە هۆی دروستکردنی گۆڕانکاریی لە واتادا، واتای جیاواز دەبەخشێت، ئەم واتا بەخشینەش بە هۆی "بەکارهێنانی ئەسپێکتی دەنگیی و زمانییەوە دەبێت کە، ڕۆڵێکی بەرچاوی دەبێت لە گۆڕانی واتادا." (ئیبراهیم، ٢٠١٤: ١٤) ئەم جۆرەی واتا کەمتر لە تیکەهەواڵدا بەرچاو

دەکەوێت، چونکە تیکەهەواڵ بە شێوەی نووسین بەرهەم دێت و ئاراستەی وەرگر دەکرێت، هێز و ئاوازە و کەرستە ناکەرتییەکانیش لە زمانی نووسیندا بەدەرناکەون. بەڵام دەکرێت واتای دەنگی لەم نموونانەی خوارەوەدا بەر جەستە بکەین بە شێوەیەکی گریمانەبۆکراو.

(١) فێستیڤاڵی هەنگوین لە ئیستەنبوڵ بەڕێوە چوو.

(٢) فێستیڤاڵی هەنگوین لە ئیستەنبوڵ بەڕێوە چوو.

(٣) فێستیڤاڵی هەنگوین لە ئیستەنبوڵ بەڕێوە چوو.

(٤) فێستیڤاڵی هەنگوین لە ئیستەنبوڵ بەڕێوە چوو.

لە (١)دا هێز لەسەر وشەی (فێستیڤاڵ)ـە، ئەمەش واتای ڕستە بەم شێوەیە لێدەکات، فێستیڤاڵ بەڕیوەدەچێت نەک کارێکی تر، لە (٢)دا هێز خراوەتە سەر (هەنگوین)، ئەمەش واتای ڕستەکە بەم شێوەیە لێ دەکات، فێستیڤاڵی هەنگوین بەڕێوەچووە، نەک فێستیڤاڵی هەنار یان شتێکی تر، لە (٣) هێز خراوەتە سەر فرێزی (لە ئیستەنبوڵ) ئەمەش بەو واتایە دێت، فێستیڤاڵەکە لەو شارە بەڕێوەچووە، نەک لە شارێکی تر، لە کۆتا نموونەشدا هێز خراوەتە سەر (بەڕێوەچوو) ئەمەش بە واتای ئەوە دێت فێستیڤاڵەکە بەڕیوە چووە، نەک هیچ کاریکی تر.

٢-١-٣ واتای مۆرفۆلۆژی:

ئەم جۆرەی واتا لە شێوەی دەرەوەی وشە فەرهەنگییەکانەوە وەردەگیرێت، کاتێک لە ڕستەدا بەکاردەهێندرێن، واتە "ئەو جۆرە واتایە لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی وشە دەکات لە ڕێگەی شێوەی وشەوە، واتای وشەکە دیاریدەکات." (عمر، ١٩٨٢: ١٣) ئەمەش دەمانگەیێنێتە ئەو بڕوایەی، کە بڵێین: هەر گۆڕانێک لە شێوەی وشەکانەوە ڕوودەدات لە سنووری ڕستەدا دەبێتە هۆی دروستکردنی گۆڕانی واتایی، ئەمەش بە هۆی "زیادکردن یان کەمکردنی مۆرفیمێک لە پێکهاتەی وشەکەدا" (عبدالجلیل، ٢٠٠٦: ٢٠٦) زیادکردن یان کەمکردنی مۆرفیمێک شێوە و ناوەڕۆکی وشەکە دەگۆڕێت.

شاندی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوەیەکی یەکلاییکەرەوە دەکات.

لەم نموونەی سەرەوەدا، چەند مۆرفیمێکی ڕێزمانی هاتوون، ئەرک دەبینن بۆ دروستکردنی پێوەندییە ڕێزمانییەکان، لە نێوان کەرستە پێکهێنەکانی ڕستەدا، ئەمەش بۆ بەخشینی واتایەکی دروستە. (ی) نێوان (شاند) و (هەرێمی کوردستان) بریتییە لە (ی) خستنەسەر و ئەرکی دروستکردنی گرێی ناوی بینیوە، ئەگەر لە ڕستەکەدا لای بدەین گرێیەکەش بوونی نامێنێت بەمەش (شاندی هەرێمی کوردستان) کە ڕۆڵی سیمانتیکی (کارا)ی بینیوە، ئەو ڕۆڵەی نامێنێت، ئەم بۆچوونە بۆ (ی) نێوان (هەرێم) و (کوردستان)ـیش دروستە. مۆرفیمی ڕێزمانی (ـێک) ئەرکی نەناساوکردن لە زمانی کوردیدا جێبەجێ دەکات، بووەتە بەشێک لە پێکهاتەی گرێی (کۆبوونەوەیەکی)، بەڵام بە شێوەی (ئەلۆمۆرف) بەمەش واتای وشەکە تووشی گۆڕان بووە، چونکە نازاندرێت چ کۆبوونەوەیەک؟ واتە دۆخی وشەکە لە بارێکی ئاساییەوە گۆڕاوە بۆ نەناسیاویی کرداری (دەکات) لە ڕستەکەدا هاتووە، مۆرفیمی کاتی (ڕانەبردوو/ داهاتوو)ی لەگەڵدا هاتووە، ئەمەش پێمان دەڵێت تا ئێستە کۆبوونەوەکە ئەنجام نەدراوە.

یەمەن: ئەفسەرێکی ئیماڕاتی کوژرا.

لەم نموونەیەدا هەریەکە لە مۆرفیمەکانی (ێک) و (ی) و (ر) و (أ) هاتوون، هەروەها دوو (مۆرفیمی سفر) لە پێش و دوای وشەی (یەمەن)ـەوە هاتوون، کە لە ئاستی سەرەوەدا دەرنەکەوتوون و بریتیین لە (لە) و (دا). (ـێک) ئامرازی نەناسیاوییە و ناوی (ئەفسەر)ی نەناسیاو کردووە، بەمەش نازاندرێت چ ئەفسەرێکە؟ چ پلەیەکی هەیە؟ سەر بە چ هێزێکە لە ئیماڕات؟ تەنیا ئەوەندە هەیە دەزاندرێت (ئیماڕاتییە)، ئەوەش بە هۆی هاتنی ناوی وەڵاتەکەوەیە لە سنووری ڕستەکەدا، (ی) دوای (ئەفسەر) پێوەندی دروستکردووە لەگەڵ (ئیماڕات) بەمەش گرێیەکی ناوی دروستبووە، ڕۆڵی سیمانتیکی کارتێکراو دەگێڕێت، ئەگەر (ی) لابدەین واتای ڕستەکە دەگۆڕێت، بەمەش ڕۆڵی کارتێکراویش نامێنێت، (ر) لە زمانی کوردی ناوەڕاستدا مۆرفیمی نادیارکردنە، ئەرکی گوێزانەوەی بکەری لە ڕووکاری دیارەوە بۆ ڕووکاری نادیار بینیوە. ئەمەش پێمان دەڵێین: بکەری ڕستەکە کەسێکی نادیارە. هەروەها مۆرفیمی (أ) لە ڕستەکەدا هاتووە، ئەرکی نیشاندانی کاتی ڕابردووە، لە ڕووکاری بکەر نادیار. بەمەش واتای ڕستەکە

بـەم شـێوەیە لێـدەکات (ئەفسـەرێکی ئیماڕاتـی لەکاتـی ڕابـردوودا لەیەمەنـدا کـوژراوە).

٢-١-٤ واتای سینتاکسی:

واتـای سینتاکسـی لـە کەرسـتە پێکهێنەکانـی ڕسـتەوە وەردەگیرێـت کـە، "لـە ئەنجامـی پێوەندییـە سینتاکسـییەکانی نێـوان وشـەکان پەیدادەبێـت، کـە هـەر وشـەیەک جێگەیەکـی دیاریکـراوی هەیـە لـە یاسـاکانی ڕێزمـان." (عەلـی: ٢٠١١: ٣٨) واتـە ئـەو کەرسـتانەی لـە ڕۆنانـی ڕسـتەدا بەشـدارن، شـوێنی تایبەتـی خۆیـان هەیـە، بـۆ نموونـە لـە زمانـی کوردیـدا، لەبـاری ئاسـاییدا هەمیشـە (بکـەر) لەسـەرەتای ڕسـتەدا دێـت و (کار)ـیش لـە کۆتاییـدا دێـت. واتـای سـیمانتیکی لـە ئەنجامـی کارلێککردنـی هـەردوو ئاسـتی سـیمانتیک و سینتاکسـەوە پەیـدا دەبێـت، بۆیـە زمانناسـێکی وەک (جـۆن لاینـز) لای وایـە "سـینتاکس و سـیمانتیک گرێـدراوی یەکـترن و ئەسـتەمە سـنووری نێوانیـان دیـاری بکرێـت." (هەمـان سـەرچاوە: ٣٩) لەسـەردەمی پێـش چۆمسـکیدا زمانناسـان لـە لێکۆڵینەوەکانیانـدا پشـتیان کردبـووە (واتـا)، بـەڵام چۆمسـکی تیۆرێکـی زمانناسـی داهێنـا و توانـی قۆناغێکـی نـوێ بهێنێتـە کایـەوە، لـە لێکۆڵینـەوە زمانناسـییەکاندا، توانـی بـە شـێوەیەکی ڕوون پێوەنـدی لایەنـی واتایـی بـە سـینتاکس دەستنیشـان بـکات و لـە ڕووی واتـاوە ڕستەکانی زمانـی لێکدایـەوە. (بڕوانـە عەلـی، ١٩٩٨: ٢٥) لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا بـۆ لێکدانـەوەی واتـای سـیمانتیکی لـە تیکەهەواڵـدا و دەستنیشـانکردنی واتـای سینتاکسـی پشـت بـەم لایەنانـە دەبەسـتین:

٢-١-٤-١ ڕیزبوونـی کەرسـتەکان و جێگۆڕکێکردنـی کەرسـتەکان:

بەگشـتی لـە زمانـی کوردیـدا دوو جـۆرە ڕیزبـوون هەیـە، ڕیزبوونـی چەسـپاو و ڕیزبوونـی ئـازاد. (بڕوانـە عەلـی، ١٩٩٨: ١٠) ڕیزبوونـی کەرسـتەکان و شـوێنی وشـە و مۆرفیمـەکان کاریگەریـی لەسـەر واتـای ڕسـتە دروسـت دەکـەن بۆیـە دەبێـت ڕیزکردنـی کەرسـتەکان "بەپێـی سینتاکسـی ئـەو زمانەکـە بێـت ئەگەرنـا ڕسـتەی نادروسـت دێتـە ئـاراوە." (فـەرەج: ٢٠٠٥، ١١٤) ئەمـە جگـە لـەوەی جێگۆڕکـێ کردنـی کەرسـتەکان کاریگەریـی لـە واتـای ڕسـتە دەکـەن "هەروەهـا کاریگـەری دەکەنـە سـەر ئەرکـە سینتاکسـییەکان و دانـە پێکهێنەرەکانـی ڕسـتەش." (محەمـەد، ٢٠١٠: ١٦٣) هەندێـک نووسـەر لایـان وایـە جێگۆڕکێکـردن بـە کەرسـتەکانی ڕسـتە واتـای کاریگەرییـش دەگەیێنێـت، (بڕوانـە دزەیـی، ٢٠١٠: ٩٥) کەواتـە دەکرێـت بڵێیـن بەشـێکی واتـای سینتاکسـی بەهـۆی ڕیزکردنـەوە کەرستەکانەوەیە و بەشێکی تـری واتـای سینتاکسـی لـە ئەنجامـی جێگۆڕکێـی کەرستەکانەوە دەبێـت.

١ أ - تورکیـا و ئیـران ڕێگـەی سـەربەخۆیی کوردسـتان نـادەن

١ ب - کوردسـتان ڕێگـەی سـەربەخۆیی تورکیـا و ئیـران نـادات.

٢ أ - مەسرور بارزانی لەگەڵ پاپای ڤاتیکان کۆدەبێتەوە.

٢ ب - پاپای ڤاتیکان لەگەڵ مەسرور بارزانی کۆدەبێتەوە.

٣ أ - خۆپیشـاندەران سـەدر بـە خیانەتکـردن تۆمەتبـار دەکـەن.

٣ ب - سـەدر خۆپیشـاندەران بـە خیانەتکـردن تاوانبـار دەکات.

ئەگـەر لـەم نموونانـەی سـەرەوەدا وردببینـەوە ئـەوە بـۆ مـان ڕوون دەبێتـەوە هەواڵسـاز یـان داڕێـژەری هەواڵەکـە کەسـێکی کـوردە، یـان بەلایەنـی کەمـەوە کەسـێکە بـە تـەواوی کاریگـەری کـوردی لەسـەرە، چونکـە لایەنـی دەروونـی هەسـتی کوردبوونـی بـە داڕشـتنەکانییەوە دیـارە، لـە نموونـەی یەکەمـدا هەواڵسـاز (تورکیـا و ئیـران) بـە بەربەسـت دەزانێـت لەبـەردەم سـەربەخۆیی کوردسـتان، بـەڵام (تورکیا)ـی لـە سـەرەتای ڕستەکەدا نووسـیەوە، واتـە گرنگـی زیاتـری بـە (تورکیـا) داوە، بۆیـە هێناویەتییـە سـەرەتای ڕسـتەکە. ئەگـەر جێگۆڕکـێ بـە کەرسـتەکانی ڕسـتەکە بکەیـن وەک ئـەوەی لـە (١ ب)ـدا هاتـووە ئـەوە واتـای ڕستە بـە جۆرێـک دەگۆڕێـت کـە، لۆژیـک قبوڵـی نـاکات، چونکـە هەریەکـە لـە (تورکیـا و ئیـران) خاوەنـی دەوڵەتـی سـەربەخۆن و پێویسـتییان بـە سـەربەخۆیی نییـە.

لـە نموونـەی (٢ أ)ـدا (مـەسرور بارزانـی) لەسـەرەتای ڕستەکەدا هاتـووە، ئەمـەش دەرخـەری گرنگیدانـی هەواڵسـازە بـە (مـەسرور بارزانـی) لـە هەواڵەکـەدا مەبەسـت (مـەسرور بارزانی)ـیە، هەروەهـا ئەگـەر ئـەم هەواڵـە لـە هـەر شـوێنێکدا ببیندرێـت ئـەوە دەزاندرێـت داڕێژەرەکـەی کـوردە یـان

خۆشەویستی بۆ کورد هەیە.نەک (پاپای ڤاتیکان) ئەگەر جێگۆڕکێ بە کەرستەکان بکرێت وەک لە (٢ ب)دا هاتووە، ئەوە مەبەست و گرنگی بۆ (پاپای ڤاتیکان) دەبێت و بارەکەش پێچەوانە دەبێتەوە.

لە نموونەی (٣ أ)دا وشەی (خۆپیشاندەران) لەسەرەتای ڕستەدا هاتووە، کە شوێنی دروستی خۆیەتی، هەواڵسازیش گرنگی بە ئەوان داوە، نەک (سەدر) بەڵام ئەگەر ڕستەکە بەشێوەی (٣ ب) بێت ئەوە واتایەکی پێچەوانەی دەبێت لە ڕووی لۆژیکیشەوە قبووڵکراو نییە، چونکە (سەدر) ناتوانێت ئەو هەموو خەڵکە بە خیانەت تۆمەتبار بکات.

٢-٢ لێکدانەوەی واتای پراگماتیکی لە تیکەهەواڵدا:

یەکێک لە پێناسەکانی پراگماتیک بریتییە لە "پێوەندی نێوان زمان و دەوروبەر کە ڕێزمان ئاماژەی بۆ کردووە. "Levinson, ١٩٩١,٩" ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێت پراگماتیک لێکۆڵینەوە لە "نیشانکار و دەرکەوتە و گریمانەی پێشەکییەکان و ڕۆنانی ئاخاوتن و کردە قسەییەکان دەکات." (هەمان سەرچاوە: ٢٧) ئێستە زانیمان پراگماتیک چییە، بەم پێیەش بێت پراگماتیک لە واتای فەرهەنگیی و ڕۆنانیی ڕستە ناکۆڵێتەوەبەڵکوو لە واتای نائاسایی دەکۆڵێتەوە، کە کەسەکان بەپێی چالاکی خۆیان بەرهەمی دەهێنن، واتە واتای پراگماتیک زیاتر پێوەستە بە چالاکیی کەسەکانەوە نەک توانستییان. کۆمەڵگە لەسەر واتای پراگماتیکی ڕێک نەکەوتووە، بەڵکوو "بەرێککەوتنی دوو کەس یان زیاترە." (عەلی، ٢٠١١: ٩٢) ئەمەش بەرەو ئەو بۆچوونەمان دەبات بڵێین واتای پراگماتیکی بریتییە لە "واتای سیمانتیکی+ دەوروبەر" (دزەیی، ٢٠٠٩: ٣٤) بۆ دەستکەوتنی واتای پراگماتیکی لە تیکەهەواڵدا دەبێت پشت بە هەندێک لایەنی پراگماتیک ببەستین وەک (گریمانەی پێشینە، کردە قسەییەکان، نیشانە پراگماتیکیەکان...تد.) ئەمانەش هەمووی بە هۆی دەوروبەرەوە کار دەکەن.

٢-٢-١ گریمانەی پێشینە:

یەکێک لەو بابەتانەی لە سنووری پراگماتیکدا لێکۆڵینەوەی لە بارەوە دەکرێت، بریتییە لە گریمانەی پێشینە، گریمانەی پێشینە ڕێگەیەکی باشە بۆ پرۆسەی بە ئابووریکردن، بە واتای ئەوەی کات و وزەیەکی زۆر بۆ هاوبەشەکانی ئاخاوتن دەگەڕێنێتەوە، چونکە کاتێک مرۆڤ ئاخاوتن دەکات، هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدات، زۆرترین واتا بەکەمترین دەربڕین بگەیێنێت، بەمەش هەموو زانیارییەکان لە گوتنەکانیدا ناخاتە ڕوو،بەڵکوو گریمانەی ئەوە دەکات کەسی بەرانبەر هەندێک لەو زانیاریانە دەزانێت، کەواتە دەکرێت بڵێین گریمانەی پێشینە بریتییە لە "کۆمەڵێک زانیاری کە، قسەکەر پێشەکی گرمانەی ئەوە دەکات کە، گوێگر دەیانزانێت و پێویستی پێیان نییە، بۆیە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ باسیان ناکات، بەڵام گوێگر لە پەنا هەندێک زانیاری تری ناو ڕستەکەوە گریمانە پێشینەکانی یاخود زانیارییەکانی دەدۆزێتەوە." (کەریم، ٢٠٠٩: ٦٣) هەریەکە لە هاوبەشەکانی ئاخاوتن گرنگیی خۆیان لە بەرهەمهێنانی گریمانەدا هەیە چونکە "گریمانە لە گوتنی قسەکەر دایە و قسەکەر دەیزانێت و گوێگریش پەی پێدەبات." (محەمەد، ٢٠١٠: ١٨٩) بەگشتی گریمانە چەند جۆرێکی هەیە بەڵام ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا تەنیا باس لە گریمانەی پێشینەی پراگماتیکی دەکەین، واتە ئەو گریمانە پێشینانەی بەهۆی دەوروبەرەوە دێنە بەرهەم.

سەدر گەڕانەوە بۆ ناو ماڵی شیعە هەوڵێکە بۆ ڕاماڵینی گەندەڵکاران.

>> کەسێک هەیە بە ناوی سەدر.

>> سەدر کەسێکی شیعەیە و خاوەنی دەسەڵاتە.

>> سەدر لە ناوماڵی شیعە نارازییە.

>> سەدر بەهۆی گەندەڵییەوە لەناو ماڵی شیعە ڕۆیشتبوو.

>> گەندەڵکاران لەسەر کار لادەبردرێن.

بانکی ڕافیدەین قەرز دەداتە فەرمانبەران بۆ دروستکردنی خانوو.

>> بانکێک هەیە بەناوی ڕافیدەین.

>> بەشێک لە فەرمانبەران قەرز لە بانکی ڕافیدەن وەردەگرن.

>> بەشێک لە فەرمانبەران خانوویان نییە.

>> بەشێک لە فەرمانبەران پارەیان نییە بۆ دروستکردنی خانوو.

لاهور شێخ جەنگی ئەرکی ئێمەیە خەڵکی کوردستان

و یەکێتـی ئاشـتکەینەوە.

>> حزبێک لە کوردستان هەیە و ناوی یەکێتییە.

>> لاهور بەرپرسیاریەتی لەناو یەکێتیدا هەیە.

>> لاهور هەستدەکات خەڵکی لە حزبەکەی تووڕەن

>> خەڵکی کوردستان بەشێکیان جەماوەری یەکێتین.

>> بەشێک لە جەماوەری یەکێتی، لە یەکێتی تووڕەن.

رووسیا ٤ تووشبووی دیکەی بە کۆڕۆنا ڕاگەیاند.

>> لە ڕووسیا کۆڕۆنا هەیە.

>> خەڵکـی ڕوسـیا ژمارەیـەکان تووشـی ئـەو ڤایرۆسـە بـوون.

>> ژمارەی تووشبوان لە هەڵکشاندایە.

>> ڤایرۆسەکە لە ڕووسیا بڵاو بووەتەوە.

٢-٢-٢ کردە قسەییەکان:

کـردە قسـەییەکان لـە بۆچوونـە فەلسـەفییەکانی (ئۆسـتن) ـەوە سـەری هەڵـداوە، واتـە ئـەم بابـەت هـەردوو ڕەهەنـدی فەلسـەفی و زمانـی لـە خۆیـدا هەڵگرتـووە. ئۆسـتن لای وایـە زمـان بریتییـە لـە کـردە، بـەم پێیـەش بێـت کـردە قسـەییەکان بریتییـە لـەوەی "بۆچوونێکـە قسـەکردن بـە ئەنجامدانـی کارێـک دادەنێـت، زمـان کردەیەکـە نـەک قسـە، ئەرکـی سـەرەکی ڕاپەڕاندنـی کارە وەک ڕاسـپاردن....تد" (دزەیـی، ٢٠٠٩: ٧٠) ئۆسـتن بـڕوای وایـە هەمووکردەیەکـی قسـەیی خاوەنـی سـێ کردەیـە لـە دواندنـدا "کـردەی گوتـن مەبەسـت لێـی دەرهێنانـی ڕسـتەیە بـە واتـا و ئامـاژەدان، کـردەی مەبەسـت، مەبەسـت لیـی ئـەو مەبەسـتەیە کـە قسـەکەر دەیهەوێـت بیگەیێنێـت، کـردەی پاشـکار مەبەسـت لێـی هێنانـە دی ئەنجامێکـە لـە گوێگـردا." (فەتـاح، ٢٠١١: ٢٠٨) بۆچوونـی کـردە قسـەییەکان سـوودێکی زۆری دەبێـت بـۆ لێکدانـەوەی واتـای پراگماتیکـی لـە تیکەهەواڵـدا، چونکـە مەبەسـتی نێـرەر فـرە ڕەهەنـدە و خوێندنـەوە و وەرگرتنـی وەرگرانیـش جۆراوجـۆر و جیـاوازە، بۆیـە نێـرەر لـە کـردەی پاشـخاندا بـە ئـارەزووی خـۆی شـیکردنەوە بـۆ تیکەهەواڵەکـە دەکات، بەمـەش چەنـد کردەیەکـی وەک (پـۆزش، فەرمانـدان، قەدەغەکـردن، داواکردن....تـد) دێنـە ئـاراوە، بەمـەش هەرگوتنێـک چەنـد گوتنێکـی تـر لەخـۆ دەگرێـت، کـە نێـرەر دەیهەوێـت لـە تیکەهەواڵـدا بەجێـی بهێنێـت، ئـەم کردانـە بـە هـەردوو شـێوازی ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ بەرچـاو دەکەوێـت، چونکـە لـە کردەقسـەییەکاندا "هـەرکات پێوەندییەکـی ڕاسـتەوخۆ لـە نێـوان ڕۆنانـی ڕسـتەکە و ئەرکەکەیـدا هەبێـت، ئـەوە بـە کـردەی قسـەیی ڕاسـتەوخۆ ناودەبـرێ، و هـەرکات پێوەنـدی نێـوان ڕۆنـان و ئەرکەکـەی ناڕاسـتەوخۆ بێـت ئـەوە بـە کـردەی قسـەیی ناڕاسـتەوخۆ نـاو دەبرێـت." (یـوڵ، ٢٠١٦: ٩٦) هەروەهـا کـردەی ئاشـکرا و کـردەی شـاراوە لـە تیکەهەواڵـدا بەرچـاو دەکەوێـت.

٢-٢-٢-١ گلەییکردن:

یەکێکـە لـە کردەکانـی ئاخاوتـن، تێیـدا لـە ڕێگـەی گوتنێکـی هەواڵییـەوە نێـرەر گلەیـی خـۆی بـۆ وەرگـر دەنێرێـت، وەک ئـەم نموونـەی خـوارەوە:

هەڵەی پزیشکی ١١٪ زیادیکردووە.

لـەم نموونـەی سـەرەوەدا هەرچەنـدە گوتنەکـە لـە شـێوەی هەواڵداندایـە، بـەڵام لـە کـردەی پاشـخاندا بـە گوتنێکـی گلەیـی کـردن هەژمـار دەکرێـت، نێـرەر لـە بڵاوکردنـەوەی ئـەم هەواڵـەدا دەیهەوێـت گلەیـی خـۆی بگەیێنێتـە دەسـەڵاتدارانی پزیشـکی وڵات.

٢-٢-٢-٢ پۆزشهێنانەوە:

یەکیکـی تـرە لـە کردەکانـی گوتـن، پۆزشـهێنانەوە کاتێـک بوونـی هەیـە، کـە هەڵەیـەک یـان کەموکوڕییـەک لـە ئارادابێـت، واتـە پۆزشـهێنانەوە قەرەبووکردنـەوەی هەڵـە یـان کەموکوڕییەکـە.

سـەرۆکی چیـن وڵاتەکەمـان ڕووبـەڕووی دۆخێکـی خـراپ بووەتـەوە.

ئـەم گوتنـەی سـەرەوە لـەزاری سـەرۆکی چینـەوە بـە شـێوەی هەواڵگەیانـدن هاتـووە، بـەڵام مەبەسـت ئـەوە نییـە سـەرۆک خەڵکـی لـە دۆخـی خراپـی وڵات ئـاگادار بکاتـەوە، بەڵکـوو مەبەسـت پۆزشـهێنانەوە داوای بەخشـینە لـەو دۆخـەی هاتۆتـە پێشـەوە بـۆ هاوڵاتییـان، ئەگـەر گوتنەکـە بخەینـە ئاسـتی ژێـرەوە ئـەوە بـەم شـێوەیەی لێدێـت، (دۆخـی وڵات خراپـە، بۆیـە ئەگـەر وەکـوو پێشـتر خزمەتگوزارییەکان...تـد بـە ئێـوە نـەگات ئـەوە داوای لێبـوردن لـە ئێـوە دەکەیـن).

٢-٢-٢-٣ نرخاندن:

یەکیکـی تـرە لـە کردەکانـی گوتـن، مەبەسـت لێـی

نیشاندانی لایەنی باش و خراپی کەسێک، شتێک، شوێنێک... تد، بە واتایەکی تر نرخاندن "بە واتای هەڵسەنگاندن لایەنی چاکی و خراپی کارێک دێت." (محەمەدسالح، ٢٠٠٩: ٦٣)، دەکرێت مەبەستی نرخاندن لە قاڵبی گوتنیکی هەواڵی یان....تد بێت

ئاسایشی هەولێر دەستی بەسەر ٨ کیلۆ ماددەی هۆشبەر داگرت.

ئەم ڕستەی سەرەوە لە ڕوویکەوە گوتنێکی هەواڵدانە، وە تیکەهەواڵەکە هاووڵاتییان لەو هەواڵە ئاگادار دەکاتەوە، بەڵام لە ڕوویکی ترەوە دەکرێت وەک نرخاندنێکی باش سەیر بکرێت و واتاکەی بە مەبەستی نرخاندنی هێزەکانی ئاسایش بێت، چونکە بە چاو کراوەییەوە مامەڵەیان لەگەڵ دۆخەکەدا کردووە، نەیانهێشتووە کە،ئەم کارە خراپە سەر بگرێت، واتە لەم تیکەهەواڵەدا نرخاندنێکی باش بۆ هێزەکانی ئاسایش کراوە.

٢-٢-٢-٤ هەڕەشەکردن:

"هەڕەشەکردن لە ئەنجامی جێ بەجێ نەکردنی فەرمانی نێرەر (قسەکەر)ی بەهێزدا دێت؟ و بۆ ئەوەی ترس و تۆقان و دڵەڕاوکێ بخاتە دڵی وەرگر (گوێگر) تا کارەکە جێ بەجێ بکات، بۆ ئەم مەبەستەش خاڵی لاوازی دەوروژێنی و دەسەڵاتی خۆی بەکاردێنێت." (محەمەدسالح، ٢٠٠٩: ٥٥) ئەرکی هەڕەشەکردن لە تیکەهەواڵدا زیاتر بە شێوەی ناڕاستەخۆ دەردەکەوێت، هەروەها دەکرێت لەم ئەرکەدا نێرەر و وەرگر تەنیا تاکە کەسێک نەبن، بەڵکوو دەکرێت وڵاتێک یان هاوپەیمانییەتێک بن.

ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا پڕۆژە بودجەی بەرگریی وڵاتەکەی پەسند کرد.

ئەگەر ئەم ڕستەی سەرەوە بخەینە دەوروبەرەوە، ئەوە مەبەستی هەڕشەکردن دەگەیێنێت، ئەوەش بەهۆی ئەوەی هاتنی فرێزی (پڕۆژە بودجەی بەرگریی)، چونکە لە پڕۆژەکەدا هێزەکانی ئەمریکا زیاتر پڕ چەک دەکرێن و چەندان برگەی تریش لە پڕۆژەکەدا دێن، کە وڵاتانی تر ناچار دەکات هەست بە مەترسی بکەن بەرانبەر هێزی بەرگریی ئەمریکا، بەم پێیەش لەم نموونەیەدا نێرەر وڵاتی ئەمریکایە و بەهۆی پڕۆژەی بودجەی بەرگرییەوە هەڕەشە لە وڵاتە نەیارەکانی دەکات.

٢-٢-٢-٥ داواکردن

داواکردن یەکێکی ترە لە ئەرکەکانی گوتن، تێدا نێرەر داوا لە وەرگر دەکات بە ئەنجامدان یان ئەنجامنەدانی کارێک، جۆری داواکاریی بەپێی پلە و پایە و کەسایەتی نێرەر لە گۆڕاندایە، ئەگەر نێرەر کەسێک یان لایەنێکی بەهێز بێت لەڕووی سیاسی یان ئابووری یان....تد، ئەوە داوایەکە دەبێتە فەرماندان، ئەگەر نێرەر کەسێکی ئاسایی بوو ئەوە پەیامەکەی دەبێتە داوا، بەڵام ئەگەر نێرەر داواکار لەخوار وەرگرەوە بوو، ئەوە پەیامەکەی دەبێتە پەیامێکی داخوازی، ئەوکاتەش وەرگر سەرپشک دەبێت لە جێ بەجێ کردن یان نەکردنی.

هاوپەیمانی سائیرون: داخستنی ڕیگاوبان ناچێتە چوارچێوەی خۆپیشاندانی ئاشتییانە.

ئەم گوتنەی سەرەوە هەرچەندە بە شێوەی هەواڵدان هاتووە، بەڵام کاتێک دەخرێتە دەروربەرەوە، ئەوە گوتنەکە ئەرکی داواکردن جێ بەجێ دەکات، چونکە لە گوتنەکدا هەندێک وشە و فرێز هاتوون بە نا ڕاستەوخو ڕستەکە لە ڕستەیەکی هەواڵییەوە بۆ گوتنیکی داواکردن دەگۆڕن، وشە و فرێزەکانیش بریتیین لە (داخستنی ڕێگا و بان، خۆپیشاندانی ئاشتیانە.) لێرەدا مەبەست ئەوەیە، خۆپیشاندانێکی ئاشتییانە بکەن و ڕێگەکانیش دامەخەن؟

٢-٢-٢-٦ ناڕەزایی:

ئەرکێکی تری گوتنە، لە ئەنجامی هەبوونی هەڵەیەک یان کارێکی پێچەوانەوە دێتە ئاراوە، ناڕەزایی و گلەیی کردن هەندێک نزیکییان هەیە، بەڵام "لە گلەییدا ناڕەزایی دەکەوێتە سەر وەرگر، بەڵام لە ناڕەزایی مەرج نییە." (دزەیی، ٢٠١١: ٦٢) بەم پێیەش بێت لە کردەی ناڕەزایی دەربڕیندا، پلە و پێگەی نێرەر گرنگی خۆی هەیە، چەندەی پلە و پێگەی بەهێزتر بێت، کردەکەشی بە هێزتر دەبێت تا دەگاتە ئاستی هەڵوەشاندنەوەی کارە پێچەوانەکە.

فەڕەنسا، بەریتانیا و ئەڵمانیا: پیتاندنی ٢٠٪ـ ی یۆرانیۆم لەلایەن ئیران هیچ پاساوێکی نییە.

ئەم گوتنەی سەرەوە لە ڕێگەی ڕستەیەکی هەواڵی

نەرێکراوەوە دەربڕاوە، کاتێک سەریری دەوروبەری گوتنەکە دەکەین، ئەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە گوتنەکە گوتنێکی ناڕەزاییە، چونکە ئێران یۆرانیۆمی زیاتری پیتاندووە، ئەو وڵاتانەش لە کارەکەی نارازین.

٢-٢-٢-٧ پاکانەکردن:

پاکانەکردن یەکێکی ترە لە کردە قسەییەکان، لەکاتێکدا ڕوو دەدات، نێرەر بیەوێت خۆی لە کارێک دەرباز بکات یاخود بەلایەنی کەمەوە وای نیشانبدات، کە داوای نێرەر ڕووی لە ئەو نییە. هەندێک جاریتر کردەی پاکانەکردن مەبەستی ڕەتکردنەوەش دەدات، ئەوەش کاتێک دەبێت یەکێک لە دوو جەمسەرە سەرەکییەکەی پێوەندیکردن بەتەواوی ڕەتی دەکاتەوە، کە کاریگەریی کارەکەی کەوتبێتە سەر یان کارەکەی ئەنجامدابێت یان....تد.

ئێران: هێشتنەوەی کەشتی فڕۆکە هەڵگر USS لە کەنداو پێوەندی بە ئێمەوە نییە.

کاتێک ئەم نموونەی سەرەوە دەخرێتە دەوروبەر، بەجۆرێک واتای پاکانە کردن دەدات، چونکە ئێران بۆچوونی وایە کەشتییەکە بۆ مەبەستی تر لە ئاوەکانی کەنداودا ماوەتەوە، نەک بۆ هەڕەشەکردن لە ئێران مابێتەوە، ئەمەش پاکانەکردنە بۆ ئەوەی بە میللەتەکەی بڵێت: هەرچەندە کەشتییەکە لە ئاوەکانی کەنداودا ماوەتەوە بەڵام ئەمە پێوەندی بە وڵاتی ئێمەوە نییە.

٢-٣ نیشانکار:

یەکێکی تر لەو بابەتانەی لە سنووری پراگماتیکدا لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکرێت، بریتییە لە (نیشانکار)، نیشانکار لە گوتن و ئاخاوتندا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، چونکە زۆربەی بنەماکانی پراگماتیک لەخۆیدا دەهێنێتە دی وەک (کەس و کات و شوێن و...تد) زمانناسان پێناسەی جیاوازیان بۆ ئەم بابەتە کردووە، بۆ نموونە "نیشانکار پێوەندی لە نێوان زمان و جیهانی دەرەوەدا دروست دەکات." (عەلی، ٢٠١٣: ١٧١) ئەمەش بە واتای نیشانەکردنی کەس و شتەکانە لە دونیای دەرەوەدا، چونکە یەکێک لە ئەرکەکانی زمان بریتییە لە نیشانەکردن، کەواتە نیشانکار "لێکدانەوەی هەموو ئەو دەستەواژە کەسی و کاتی و شوێنییانە بەستراوە بەو قسەکەر و گوێگرەوە کە، دەوروبەرێکی هاوبەشیان هەیە." (یول، ٢٠١٦: ٢٧) بە واتایەکی تر مەبەست لە نیشانکار "ئەو نیشانانەی زمانن کە، زمان و دەوروبەر لەیەکتری گرێدەدەن یان کردەی گوتن ڕێزمانی ڕێژدەکەن." (فەتاح، ٢٠١١: ١٩٤) بە پێی لێکۆڵینەوەکانی زمانناسان بێت لەم بوارەدا نیشانکار لەزماندا چەند جۆرێکی هەیە:

٢-٣-١ نیشانکاری کەسی:

"نیشانە کەسییەکان ئاماژە بۆ ئەو کەسانە دەکەن کە، بەشداری ئاخاوتن دەکەن و ڕۆڵی ئەو کەسانەش نیشاندەدات کە، هاوبەشی قسەکردن دەکەن." (دزەیی، ٢٠١١: ١٠١" واتە نیشانە کەسییەکان هەر سێ کەسەکە دەگرێتەوە، کە بریتیین لە (من/ ئێمە، تۆ/ ئێوە، ئەو/ ئەوان) هەر چەندە کەسی سێیەم کەمتر ڕۆڵی لەم پرۆسەیەدا هەیە، ئەوەی زیاتر دەردەکەوێت بریتییە لە نێرەر (من/ ئێمە) و وەرگر (تۆ/ ئێوە) لە زمانی کوردیدا هەریەکە لە بەشە ئاخاوتنی ناو، بەتایبەتی (ناوی تابەت) و جێناوەکان و ناسناو...تد دەبن بە نیشانەی کەسی.

سەرۆکی پەرلەمان: ڕووداوەکەی نێو پەرلەمان نیگەرانی کردین.

لەم گوتنەی سەرەوەدا جێناوی لکاوی (ین) هاتووە، کە بۆ کەسی یەکەمی کۆ بەکار دێت، ئەمەش گوتن و دەوروبەرەکە لێک دەبەستێتەوە، واتە بە هۆی ئەو جێناوە لکاوە گوتنەکە زیاتر لە لێکدانەوەیەکی دەبێت لە دەوروبەر، ئەگەر مەبەست لە (ین) دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بێت ئەوە جێناوەکە بە دروستی بەکارهاتووە، چونکە دەستەکە لە سێ ئەندام پێک هاتووە، بەڵام ئەگەر (ین) بەمەبەستی خۆ فەرزنەکردن و ڕێزگرتن بەکار هاتبێت ئەوە بۆ سەرۆکی پەرلەمان دەگەڕێتەوە نەک دەستەی سەرۆکایەتی.

٢-٣-٢ نیشانکاری کات:

هەموو ئەو نیشانانە دەگرێتەوە کە، ئاماژە بۆ کات دەکەن،بە گشتی دوو جۆر کات هەیە، کاتیکیان پێیدەگوترێت کاتی فیزیکی و بریتییە لە (رابردوو، ئێستە، داهاتوو) هەرچی جۆری دووەمی کاتە ئەوە لەرووی زمانەوە سەیری دەکرێت و بە (تێنس- Tense) ناسراوە. لە

بەکارهێنانـی نیشـانەکانی کاتـدا دەبێـت "جیـاوازی لـە نێـوان کاتـی گوتـن و کاتـی ڕوودانـی گوتنەکـە بکەیـن." (دزەیـی ٢٠١١: ١٠٧) نیشـانکارە کاتییـەکان بریتیـن لـەو نیشـانانەی کـە کاتـی گوتـن لـە ڕوانگـەی قسـەکەر و گوێگـرەوە دیـاری دەکـەن لـە زمانـی کوردیـدا ئاوەڵـکار و مۆرفیمەکانـی کات ئـەو ڕۆڵـە دەگێـڕن، واتـە کاتـی گوتـن و کاتـی ڕوودانـی گوتنەکـە دیـاری دەکـەن.

ـــ وەزیـری پێشـمەرگە: عێـراق سـتەمێکی گـەورەی لـە پێشـمەرگە کـردووە.

لـەم گوتنـەی سـەرەوەدا نیشـانەیەکی کاتـی هاتـووە، ئەویـش بریتییـە لـە (ووە). ئەمـەش نیشـانەیە بـۆ کاتـی ڕابـردوو/ ڕابـردووی تـەواوە، لێـرەدا دەبێـت کاتـی گوتـن و کاتـی ڕوودانـی گوتـن لـە یەکـتر جیابکەینـەوە، کاتـی دەربڕینـی گوتنەکـە لـە خـودی گوتنەکـەوە دەرنەکەوتـووە، بـەڵام کاتێکـی ڕابـردوو هەیـە، کـە کاتـی ڕوودانـی گوتنەکەیـە و کاتێکـی لـەو دوورتـرە، لەهەمـان کاتیـش کارەکـە تـەواو بـووە.

٢-٣-٣ نیشانکاری شوێن:

"نیشـانەکانی شـوێن شـوێنی گوتـن لەچـاو هاوبەشـەکان دیـاری دەکـەن." (فەتـاح، ٢٠١١: ٢٠٠) نیشـانەکانی شـوێن لـە زمانـی کوردیـدا دیسـانەوە بـە هـۆی ئاوەڵـکارە دیاریدەکرێـت، هەروەهـا ئامـرازی نیشـانە ئـەم ئەرکـە جێبەجـێ دەکات، ئاوەڵکارەکانـی وەکـوو (ئێـرە، ئـەوێ، لێـرە، لـەولا، لەکـن،.... تـد) و ئامرازەکانـی وەک (ئـەم...ە، ئـەو...ە) دەبـن بـە نیشـانەی شـوێنی، ئەمانـەش دووری ونزیکـی دەستنیشـان دەکـەن، بەواتـای ئـەوەی "چەمکـی دووری بـە ڕوونـی دەکەوێتـە بـواری نیشـانەی شـوێنییەوە کـە، تێیـدا شـوێنی تـاک و شـتەکان دیـاری دەکرێـت." (یـوڵ، ٢٠١٦: ٣٢) و نیشـانەکانی شـوێن دووری و نزیکـی نیشـان دەدن لـە قسـەکەر یـان گوێگـر یـان کەس...تـد.

لـە شـاری ئامـەدی باکـووری کوردسـتان: سـێ پارێـزەر لـە ژوورێکـدا گیانیـان لەدسـت دا.

لـەم گوتنـەی سـەرەوەدا دوو شـوێن دەسـت نیشـانکراون، ئەوانیـش بریتییـن لـە (شـاری ئامـەد، ژوورێـک)، شـوێنی یەکـەم لـە چـاو خاڵێکـی نەگـۆر دیـاری کـراوە، واتـە شـاری ئامـەد هـەر لـەو شـوێنەیە و ناگۆڕێـت، بـەڵام شـوێنی دووەم شـوێنێکە لـە کـەس نزیکـە، بـەڵام لـە نێـرەر و نـە لـە وەرگـر نزیـک نییـە، بـە واتـای ئـەوەی نێـرەر و وەرگـر تەنیـا بـە شـێوەی هـەواڵ دەیزانـن.

٢-٣-٤ نیشانە کۆمەڵایەتییەکان:

مەبەسـت لـە نیشـانە کۆمەڵایەتییـەکان "گوزارشـت لـەو جیاکارییانـە دەکـەن، کـە بەنـدن بـە جیاکارییـە کۆمەڵایەتییەکانـەوە، ئەویـش بـە ڕۆڵـی تاکـەکان لـە کۆمەڵـدا پێوەسـتە، بـە تایبەتـی ئـەو بـارە کۆمەڵایەتییەکـەی نێـوان قسـەکەر و گوێگـر و ئەوانـەی بـۆ دەگەڕێتـەوە." (مەعـروف، ٢٠١٣: ٢١٠) بـە واتایەکـی تـر نیشـانە کۆمەڵایەتییـەکان بریتییـن لـە "ئەسـپێکتی کاردانـەوە و جیاکردنـەوە و ناسـینەوەی ڕسـتەکانە و پێوەسـتە بـە بارێکـی کۆمەڵایەتییـەوە، لـەو کاتـەی کـردە قسـەییەکەی تێـدا کـراوە." (مەحمـود، ٢٠٠٦: ٣٤) واتـە هەریەکـە لـەو وشـە و دەسـتەواژانە دەگرێتـەوە کـە بارێکـی کۆمەڵایەتـی دەگەیێنـن، وەک (سـەرۆک، وەزیـز، مامۆسـتا، وەسـتا،...تد)

پەرلەمانـی کوردسـتان لـە کۆبوونـەوەی ئەمـڕۆ متمانـەی دایـە وەزیـری سامانەسروشـتییەکان.

لـەم گوتنـەی سـەرەوەدا نیشـانەیەکی کۆمەڵایەتـی هەیـە، ئەویـش بریتییـە لـە (وەزیـر) ئـەوەش یەکێکـە لـەو جیاکارییـە کۆمەڵایەتییـەی پلـە و پایـەی وەزیفـی فەرمانبـەران لـە سیسـتەمی حکومـی نیشـان دەدات، بەهـۆی هاتنـی گرێـی (سامانەسروشـتییەکان) لـە گوتنەکـەدا جـۆری کار و پیشـەی بـۆ وەزیرەکـەش دەستنیشـان کـردووە.

٢-٣-٥ نیشانەکانی دەق:

مەبەسـت لـە نیشـانەکانی دەق بریتییـن لـەو نیشـانانەی کـە، پارچەکانـی دەقێـک دەبەسـتنەوە بـە دەوروبـەرەوە "ئینجـا ئاماژە کردنـی تێدابێـت بـۆ پێشـەوە یـان بـۆ دواوە، هەندێـک جاریـش نیشـانەکان ئامـاژە بـۆ دەرەوەی دەق دەکـەن." (عەلـی، ٢٠١٤: ١٧٥) ئـەو کەرسـتانەی ڕۆڵـی نیشـانەکانی دەق دەبینـن، بریتییـن لـە (ئاوڵـکاری کاتیـی، ئاوەڵـکاری شـوێنیی، ئامرازەکانـی بەسـتن،...تد) لـە نیشـانەکانی دەق دەبێـت ئـاگاداری ئـەوە بیـن کـە، "نیشـانەی گوتـار دەبێـت بـۆ گوتـار بگەڕێتـەوە نـەک بـۆ کـەس و تـەن و ڕووداو." (دزەیـی، ٢٠١١:

١٠٩) بـۆ نموونـە (مـن ئـەوم خۆشـدەوێت.) لێـرەدا (ێـت) بـۆ ئـەو دەگەڕێتـەوە نـەک بـۆ قسـەکەر.

ـــ بەشـیر حـەداد ئـەوە حکومەتـی عێـراق نییـە، بەڵکـوو چەنـد لایەنێکـن نایانەوێـت ڕێککەوتـن بکـەن.

لـە نـاو ئـەم گوتنـەی سـەرەوەدا دوو گوتـن هاتـوون، بـە هـۆی وشـەی (بەڵکـوو) هـەردوو گوتنەکـە لەیەکـتر دراون، بـە واتایەکـی تـر وشـەی (بەڵکـو) گوتنـی یەکەمـی گرێـداوە بـە گوتنـی دووەم.

## ئەنجام:

دوای لێکۆڵینەوەمـان لـە بابەتـی تیکەهـەواڵ و لێکدانـەوەی واتایـی گەیشـتین بـە چەنـد ئەنجامێـک، لـە خـوارەوە ئامـاژە بـــە گرنگترینیـــان دەدەیـــن و لـــە چەنـــد خاڵێکـــدا کورتـــی دەکەینـەوە:

١ – هـــەردوو جـــۆری واتـــای ســـیمانتیکی و پراگماتیکـــی بەگشـــتی لـــە تیکەهەواڵـــدا بـــەر چـــاو دەکـــەون.

٢ – لـــە تیکەهەواڵـــدا واتـــای دەنگـــی کەمـــتر بەرچـــاو دەکەوێـت، چونکـە لـە زمانـی نووسـیندا هێـز و ئـاوازە بوونـی نییـە، تەنیـا ئـەو کاتـە نەبێـت، کـە بـە هێـمای نووسـین ئاماژەیـان پـێ دەکرێـت.

٣ – مۆرفیمـــە بەنـــدە ڕێزمانییـــەکان ڕۆڵێکـــی گرنگییـــان لــە گەیاندنــی واتــای مۆرفۆلۆژیــی و ڕوونکردنــەوەی واتــای ســیمانتیکی بــە گشــتی هەیــە.

٤ – واتـای سینتاکسـی بـە هـۆی ڕیزکردنـی کەرەسـتەکان و جێگۆڕکـێ پێکردوونیانـەوە بەدەسـت دێـت، ئەمـەش بـە تـەواوی لـە تیکەهەواڵـدا بەرچـاو دەکەوێـت.

٥ – واتـای پراگماتیکـی دەکەوێتـە سـەر چالاکـی وەرگـر لـە لێکدانـەوەدا، بۆیـە واتـای پراگماتیکـی، لـە وەرگرێکـەوە بـۆ وەرگرێکـی تـر هەمیشـە لـە گۆڕاندایـە، بـەم هۆیەشـەوە دەکرێـت شـیکردنەوەی تریـش بـۆ هەمـان ئـەو نموونانـەی لـەم لێکۆڵینـەوەدا هاتـوون بکرێـن.

## لیستی سەرچاوەکان:


یەکەم بە کوردی

أ – پەرتووک:

- خـاڵ، شـێخ محەمـەدی خـاڵ،(٢٠٠٥) فەرهەنگـی خـاڵ، چ٢، چاپخانـەی ئـاراس، هەولێـر.

- دزەیـی، عەبدولواحیـد موشـیر، (٢٠١١) زانسـتی پراگماتیـک، چ١، چاپخانـەی پـاک، هەولێـر.

- دزەیی، عەبدولواحیـد موشـیر، (٢٠١٠) واتاسـازی وشـە و ڕسـتە، چ١، چاپخانـەی هێڤـی، هەولێر.

- دزەیـی، عەبدولواحیـد موشـیر، (٢٠٠٩) کاریگەریـی دەروونـی لـە بـواری ڕاگەیاندنـدا لێکۆڵینەوەیەکـی سـیمانتیکی و پراگماتیکییـە،، چ١، چاپخانـەی ئـاراس، هەولێـر.

- دزەیـی، عەبدولواحیـد موشـیر،(٢٠٠٩) واتاسـازی چەنـد لێکۆڵینەوەیەکـی سـیمانتیکی و پراگماتیکییـە،، چ١، چاپچانـەی خانـی، هەولێـر.

- عەلی، شێرزاد سـەبری، (٢٠١٤) پراگماتیـک، چ١، چاپخانـەی حاجی هاشـم، هەولێـر.

- عەلـی، شـێرزاد سـەبری، واتـا د ناڤبـەرا سـیمانتیک و پراگماتیـدا، (٢٠١١)، چ١، چاپخانـا خانـی، دهـۆک.

- عەبـدول، جەمـال، (٢٠٠٦) فەرهەنگـی ڕاگەیانـدن ئینگلیـزی – عەرەبـی – کـوردی،، چ١، چاپخانـەی فەرهـاد ڕەفیـق، سـلێمانی

- فـاروق، کەمال و محەمـەد عەبدوڵڵا کـەلاری، دەروونناسـی میدیایی، (٢٠١٣)، چ١، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، هەولێر.

- فەتـاح، محەمـەد مەعـروف، (٢٠١١) زمانەوانـی، چ٣، چاپخانـەی حاجـی هاشـم، هەولێـر.

- محەممـەد، دارا حەمیـد، (٢٠١٠) واتاسـازی هەنـدێ لایـەن لـە سـیمانتیک و پراگماتیکـی کـوردی، چ١، چاپخانـەی ژیـر، سـلێمانی.

- میدیـا، (ئەڕەحمانـی حاجـی مارف)، (١٩٩٨) سـەرەتایەکی زمانناسـی،، بەرگی یەکـەم، چ١، چاپخانە: ئوفسـێت، سلێمانی.

- مەحـوی، محەمـەد، (٢٠٠٩) مۆدێـل و مۆدێلەکانـی ڕێزمـان، چ١، چاپخانـەی ژیـر، سـلێمانی.

- مەعـروف، ئـارام عەبدولواحیـد حەمەڕەشـید، ڕێزگرتـن لـە زمانـی کوردیـدا، (٢٠١٣)، چ١، چاپخانـەی لەریـا، سـلێمانی.

- یـول، جـۆرج، (٢٠١٦) مەبەستناسـی (پراگماتیـک)،، وەرگێڕانـی د. ڕەحیـم سـورخی، چ١، چاپخانـەی تـاران، تـاران.

ب – نامەی ئەکادیمی:

- ئیبراهیـم، بەشـدار محەمـەد، (٢٠١٤) واتاسـازیی بەرهەمهێنـان و

لێکدانەوە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

– علی، طالب حسین، (١٩٩٨)هەندێک لایەن لە پێوەندی نێوان ڕستە و واتا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

- عەبدولڕەحمان، شیلان عوسمان، (٢٠٠٨) کارابوونی زمان لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە (ئیبن ڕوشد)، زانکۆی بەغدا.

- عەلی، ئازاد ڕەمەزان،(٢٠٠٥) بنەما زمانییەکانی داڕشتنی هەواڵ لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا لە نێوان ساڵانی (١٩٩١ – ٢٠٠٠)، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین

- محەمەدصالح، ئاوات ئەحمەد، (٢٠٠٩) شێوازی گوتنی فەرماندان لە زمانی کوریدا لێکۆلینەوەیەکی پراگماتیکییە، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین.

- مەحموود، ئاڤێستا کەمال،(٢٠٠٦) پراگماتیکی ڕستەی پرسیار و فەرمان لە دیالێکتی کرمانجیی خواروودا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

ج – گۆڤار

- جراد، چۆلی اسعد،(٢٠١٧) بنەما هەواڵییەکانی (تیکەهەواڵ) لە کەناڵە کوردییەکان کەناڵی (KNN) بە نموونە، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، بەرگی (٤) ژمارە (٣).

– فەرج، هۆگر مەحمود، (٢٠٠٥) کردەی گەیاندن لە نێوان سیمانتیک و پراگماتیکدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (١٥)، بەشی B.

- قادر، سەباح ڕەشید و بێری یاسین حسێن، (٢٠١٣) ئەدەب و پراگماتیکی فراوان (ماکرۆپراگماتیک)، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ژمارە (٢٧).

دووەم بە عەرەبی:

أ – پەرتووک:

- الخماش، سالم سليمان، (١٤٢٨) المعجم و علم الدلالة، ط١، جامعة ملك عبدالعزيز، جدة.

- الوعر، مازن، (٢٠٠١) دراسة نحوية و دلالية و الفلسفية في ضوء اللسانيات المعاصرة، ط١، دار المتنبي، ديمشق.

- بومزبر، الطاهر،(٢٠٠٧) التواصل اللساني والشعرية مقارنه تحليلية لنظرية رومان جاكوبسن، ط١، منشورات الأختلاف، جزائر.

- عبدالجليل، عبدالقادر،(٢٠٠٦) المقايس الأدوات النحوية و الصرفية، ط١، دار الصفاء، سوريا.

- علي، محمد محمديونس،(١٩٩٣) وصف اللغة العربية دلاليا في ضوء مفهوم الدلالة المركزية، ط١، منشورات جامعة الفاتح، ليبيا.

- عمر، أحمد مختار، علم الدلالة، (١٩٨٢)، ط١، مكتبة دار العروبة، الكويت.

- ياكوبسن، ڕومان، (١٩٨٨) قضيا الشعرية، ت: محمد والي، ط١، مغرب.

ب – ڕسالات الأكادمية:

- سحر كاظم الشجري،(٢٠٠٣) نظرية التوصيل في النقد العربي الحديث، ڕسالة ماجستير كلية التربية جامعة بابل.

سێیەم بە فارسی:

- معين، محمد و سيد جعفر شهيدی،(١٣٧٧) لغات نامه (دهخدا)، چاپ دوم، جلد پنجم، مؤسسة انتشارات و چاپ دانشگاه تهران. تهران.

- معين، محمد، (١٣٧٦) لغات نامه (معين)، يک جلد، چاي يكم، مؤسسة انتشارات و چاپ دانشگاه تهران. تهران.

چوارەم بە ئینگلیزی:

Stephen C. Levinson (1991) Pragmatics, Published By The Press Syndicate Of The University Of Cambridge.

چوارەم پێگەی ئەلیکترۆنی:

ticker noun - Definition, pictures, pronunciation and usage notes | Oxford Advanced Learner's Dictionary at OxfordLearnersDictionaries.com(

(شريط إخباري – ويكيبيديا) (wikipedia.org)

Ticker tape - Wikipedia(

## ملخص

أجريت هـذه الدراسـة، التـي تحمـل عنـوان «تفسـير المعنـى في شريـط الإخبـارى، دراسـة دلاليـة وبراغماتيـة» وفقـا للنهج(للمنهـج) التحليـلي، وتحـاول تحليـل الشريـط الإخبـاري مـن حيـث المعنـى، وتحديـد المعنـى الـدلالي و البراغـماتي. و تحـاول ان تعـرف أيضـا كيفيـة صياغـة الشريـط الإخبـاري مـن حيـث الدلالـة لأن شريـط الإخبـاري ليـس مرتبطـا بالنحـو فحسـب، بـل إن تكويـن المعنـى في هـذا الصـدد مهـم جـدا، و يجـب أن تصـاغ بطريقـة خاصـة، لأنـه يؤثـر تمامـا عـلى الجوانـب النفسـية للمتلقـين واتجـاه التفكـير و يوجـه بعـض الجوانـب الأخـرى لحياتهـم.


الكلمات المفتاحية: (المعنى، شريط الإخبارى، علم الدلالة، البراغماتية، اللغة الكوردية)


## Abstract

This study, titled "Meaning Interpretation in The News ticker, A Semantically and Pragmatically Study", was conducted according to the analysis task, and tries to analyze the news in terms of meaning, identifying both the semantic meaning and the meaning of pragmatics. In order to know how the news is formulated in terms of meaning, because the news team is not only bound to grammar, but also the composition of meaning in this regard is very important, it must be designed in a special way, because it completely affects the psychological aspects of the recipients and the direction of thinking and some other aspects. it directs their lives....


**Keywords**: (Meaning, News ticker, Semantics, Pragmatics, Kurdish Language)